# وەك خۆی 16

بەڕاستی فریای ئاماژەكردن بەو هەموو تاوان و وەحشیگەرییە ناكەوم. (هیلموت شمت)یش-سەرۆك وەزیرانی ڕابردووی ئەڵمانیا وسەركردەیەكی سۆسیال دیموكراتەكان-لەدوا كتێبەكەیدا، سەبارەت بە مەترسییەكان لە سەرمایەدارە دڕندەكان، دەدوێ، بەخۆیشی خوێن لە دەستی دەچۆڕێ!-. كاتێ لە خوێندن و كارتێكردن لە بابەتیكی زۆر كورت(وەك خۆی)دەبمەوە، چەندین تاوانیتر بڵاودەكرێتەوە، بە مەرجێ بە باشی ناگەڕێم بۆ بینین و خوێندنی هەموو تاوانەكان!

ئەم هەواڵانە بەشێكی زۆر كەمن لە بەرهەمی ڕۆژانەی بیروباوەڕ و سیستێمی سەرمایەداری بۆ ژنان، وەك بڵێی بەشێكن لە ڕوحی ئەم دەسەڵاتە و بەبێ یەكتر، هەڵناكەن، كەچی هەندێ كەس هەن، ئەوە بۆ چەندین جارە، لە هلی جیاجیادا، بەم شێوەی خوارەوە ئاماژە بۆ كۆتایی ماركسیزم دەكەن: (هەموو ئەو فەلسەفانەی كەلەسەر ئاستی پێشبینیكردن لە مێژوودا دروستبون دواجار لەحیكایەتی گەوردا كۆتاییان هاتووە وەكو ماركسیزم...)

ئەوەی سەیر بێ، هێشتا مامۆستا و زانایانی ئەم كەسانە، ململانی لەگەل بیروباوەڕەكانی ماركس دەكەن، كەچی قوتابییە كوردەكانیان، پێشیان دەكەون و"مەرگی كۆمونیزم"ڕادەگەیەنن، بەبێ ئەوەی لە(كەپیتاڵ) حاڵی بن یان لێی تێگەیشتبن! پڕۆژەی ئەم جۆرە كەسانە بووە بە دوو كەرتەوە:




بەشێكیان لەناو پۆخڵەواتی ئیسلامی داگیرساونەتەوە، بەشەكەی تریان، خەریكی بڵاوكردنەوەو داكۆكیكردنن لە دزێوترین بەرهەمی ئەڵمانی!

ئەوەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووم، ئەم پرسیارەیە: بۆچی فاشیزم، لیبڕالیزم، كۆنزەرڤاتیزم یان ئاینەكان، سەرەڕای چەندین شكستی مێژوویان، كۆتاییان پێ نەهاتووە، كەچی تەنها ماركسیزم كۆتایی پێ دێ!

بەگشتی، من ئێرەیی بەو كەس و لایەنانە نابەم، كە هەموو ڕۆژێك، سەر لە تاشەبەردی ماركسیزم دەدەن، چونكە ئەوانە خۆشبەختن بەوەی ئیمڕۆ فەلسەفە و دەسەڵاتێك باڵادەستی هەیە، بە دروشمی ئازادی، دیموكراسی و مافی مرۆڤ و شارستانییەتەوە، بەكردەوە، هەموو ڕۆژێك، جەنگ، بێكاری، سێكسیزم، زەوتكردن، كوشتنی ژنان، داگیركردن و پەراوێزكردنی مرۆڤەكان لەسەر ئاستی جیهان بە بەرهەمدەهێنێ.....

ئەمەش بڕێكیتری ئەو ئازادی و دیموكراسی و مافی مرۆڤەیە لەناو وەڵاتەكانی خۆیان: ئەكتەرێكی بەناوبانگ بەناوی(كەمپەر تۆمۆجسكی) تاوانباركراوە بە چەندین تاوانی سێكسی....ژنێكی 57ساڵە زەوتكراوە...

**Staatsanwaltschaft ermittelt gegen Schauspieler Willi Thomczyk**
( ddp - Donnerstag 23. September 2004, 15:08 Uhr)

Die Staatsanwaltschaft Bochum ermittelt gegen den Schauspieler Willi Thomczyk («Die Camper») wegen des Verdachts einer Sexualstraftat. Dem Mimen wird vorgeworfen, in mehreren Fallen Frauen zu sexuelle Handlungen gezwungen zu haben, wie die Staatsanwaltschaft am Donnerstag mitteilte. Grundlage der Ermittlungen seien Anzeigen von Kolleginnen und Schauspielschulerinnen Thomczyks.

**Kinder missbraucht - 40-Jahriger festgenommen**
( ddp - Donnerstag 23. September 2004, 14:42 Uhr)

Wegen sexuellen Missbrauchs von Kindern ist ein 40-jahriger Tatverdachtiger aus Emmerthal festgenommen worden. Der Mann soll zwischen Herbst 2001 und April 2004 in mindestens 249 Fallen sexuelle Handlungen an zwei Minderjahrigen vorgenommen haben, wie die Polizei am Donnerstag in Hameln mitteilte.

**Mutmaßlicher Morder von Melanie ist Serienvergewaltiger**
( dpa - Donnerstag 23. September 2004, 17:00 Uhr)
Der mutmaßliche Sexualmorder der 19-jahrigen Melanie aus Lorrach hat nach Erkenntnissen der Polizei in den vergangenen Jahren vier weitere Frauen vergewaltigt.

**Experten warnen vor neuer Ekel-Serie bei RTL**

# Blut und Sex mit Carsten Spengemann

**57-jahrige Frau vergewaltigt - 53-Jahriger erhalt Haftbefehl**
( ddp - Donnerstag 23. September 2004, 13:08 Uhr)
Wegen Verdachts der Vergewaltigung hat ein 53-jahriger Mann Haftbefehl erhalten. Er soll am vergangenen Dienstag eine 57-jahrige Frau in deren Wohnung sexuell missbraucht haben, sagte ein Polizeisprecher am Donnerstag. Der bereits einschlagig sowie wegen Gewalt- und Eigentumsdelikten der Polizei bekannte Mann streite die Tat ab.

**بۆیە، سۆسیالیزم یان بەربەرییەت!**